# سرودی شادی

## ئەحمەد دەشتی

ئەی ئازادی دل بێ گرین
ئەی ئاواتی بلندی ژین
بە ناوی تۆ دەنوسمەوە
لای تۆ بلندی دەبینمەوە
ساتەکانی ڕەهابی بوون
وەدی دەکەم لەناودەروون
لە قوولایی ڕوئیای شیرین
گەر لای تۆ بم دوورە گرین
بەڕامانی خۆشەویستیم
لە یاد ناکەم تۆ پەرستیم
کەواهەر تۆی هیوای ڕوونم
لەو بەرزاییە شادە ژینم
ئەوینی دل گەش و ڕوونە
کە نزماییم لا زەبوونە
گەرڕێگەشم تارودوون بێ
پڕهەورازوزۆرچەتوون بێ
بەرزایی تۆ خۆ ون نابێ
لەڕوئیاکان قەت گوم نابێ
چی ترۆپکە سەرووەریمە
جوانتر لەگشت گەوهەریمە
هەتا ئەوێ وەدی نەکەم
شادی لە دل تۆمار ناکەم
دیلم بەدەست ئازارەوە
بەندم بە ژاری مارەوە
تەنیالەوێ لەوبلندە
ژینم شادەو دوور خەرەندە
خۆشەویستی لە وێندەرە
ڕەهابی بوون لەوێندەرە
لەسەر لوتکەی بلندی ژیان

سەربەرزی ژین دێتە دوان
مرۆڤ لەوی بەختەوەرە
بارانی وێ خاك پەروەرە
زەبرو زەنگ و زۆری نیە
هەوری وشك وگڕژی نیە
درەختەکان هەردەم سەوزن
بەبێ ڕق و کینەن، بەرزن
نەگول وگیاپەرپوت دەکرێن
نەگیان وهەست سەردەبڕێن
نە بالندە ئازار دەدرێن
نە بوختان و درۆدەکرێن
تەنیالەوێ مرۆ شادە
دوورە خەمە کە ئازدە
هەرکێ بژی لەڕێی ئەوێ
بە گیان ودل لێی دەسرەوێ
هەرکێ کەبژی بەدلی پاکی
بەختەوەرە بێ خەمناکی
ئەوێندەرێ ئازادیە
سەربەخۆیی و پڕ شادیە
هەرکێ دەستی گەیشتە وێ
مەردو ڕەها دل دەسرەوێ
ئێمەش هەولمان لە بۆ وێیە
سەربەرزی کورد هەر لەوێیە
دەبێ کوردیش بگا بەوێ
بە هەتاوی جوانی ئەوێ
دەبێ هەموو سەر دابنێن
سەربەخۆیی بنیاد بنێن
لە ژێر تاوی سەربەستی ژین
ڕەهاو ئازاد بەرز بژین

پێشکەشە بە هەموو ئازادیخوازێك